ڕازیبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ ڕازیبوونی خوای گەورە، وتوڕەبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ توڕەبوونی خوای گەورە

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕازیبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ ڕازیبوونی خوای گەورە، وتوڕەبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ توڕەبوونی خوای گەورە».
[حەسەن لغیرە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە پەیوەندی ڕازیبوونی خوای گەورە بە ڕازیبوونی دایک وباوکە باسدەکات، واتە ئەگەر دایک وباوکی چاک ڕازی بن لە ڕۆڵەکانیان ئەوا خوای گەورەیش لە ڕۆڵەکەیان ڕازی دەبێت، وئەگەر دایک وباوکی چاک لە ڕۆڵەکەیان توڕەبن بەهۆی ئەوەی ڕۆڵەکەیان لادان وشتی ناڕەوا ئەنجامدەدات یان بەرامبەریان خراپە؛ ئەوا خوای گەورەیش لەو ڕۆڵەیە توڕە دەبێت بەهۆی خراپبوونی بەرامبەر دایک وباوکی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5361